# ڕوونکردنەوەیەک لە پێناوی دەرخستنی ڕاستی و ئاشکراکردنی چەواشەکاری و درۆیەکدا

ئەمجەد شاکەلی

من بۆ خۆم بڕوام بە هۆز و تیرە و خێڵگەرایی نییە و هەرگیز بیر و دیدی خۆیشم لەو چوارچێوەیەدا بەند نەکردووە، بەڵکە گەلێک لەوە هەراوتر جیهان دەبینم و پێموایە مرۆڤ بۆ خۆی گەلێک لە کۆت و بەندانە مەزنترە. پاشناوی مرۆڤ سەرچاوەکەی لە هەرکوێیەکەوە هاتبێت، تایبەتمەندییەکە بە مرۆڤێکەوە و بەشێکە لە ناسنامەی مرۆڤێک و کەسێک لە کەسێکی دیکە، ئەگەر تەنێ بۆ پێناسەکردنیش بێت، جودا دەکاتەوە. هیچ کەسێک مافی بەکاربردنی ناوی کەسێکی دیکەی نییە بۆ خۆدانەناسین و بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوون، بەڵام هەموو کەسێک ئازادە لەوەی هەر ناوێکی خوازراوی بێلایەن و بێخاوەن بۆ خۆی هەڵبژێرێت و لە پەنایدا خۆی حەشاردات. ئەوەی من گەرەکمە بیڵێم تەنێ ڕوونکردنەوەیەکە لە پێناوی دەرخستنی ڕاستی و ئاشکراکردنی چەواشەکاری و درۆیەکدا.

لە ڕۆژی 2005/9/20 و لەماڵپەڕی "کوردستاننێت" و لەژێر سەردێڕی "پەلەقاژەی ئیسلامیەکان"دا، کەسێک بە ناوی د. تاریق شاکەلی، کە لە بنی گوتارەکەیشیدا خۆی بە"پسپۆڕ لە پرسی ئیسلامی سیاسی" داوەتە ناسین، لە سلێمانییەوە، گوتارێکی وەک خوێندنەوەیەک بۆ گوتارێکی مەریوان نەقشبەندی ناوێکی بڵاوکراوەی هاوڵاتی نووسیوە. چەند کەسێکی دیکەیش لە بارەی ئەو گوتارە" پەلەقاژەی ئیسلامیەکان "وە و دوابەدوای ئەو ڕوونکردنەوە و گوتاری دیکەیان لە ماڵپەڕی "کوردستاننێت"دا بڵاو کردەوە.

مەولەوی دەڵێ:

وادەی خەو نییەن وادەی شکارەن دەشتەکەی پای هەرد شاکەل دیارەن

شاکەل، ناوی دەشت و دەڤەرێکە لە گەرمێنی باشووری کوردستان و دەکەوێتە نێوان کەلار و دەشتی شێروانە و کفری، کە وەک ناوچە سەر بە کەرکووکە. ئەو دەڤەرە پێکهاتووە لە پێنج گوند، کە ئەمانەن: ئەولاقوت، سەیدە، سەعداوا، شاکەل و دێبنە. واتە: بێجگە لە دەڤەرەکە، ناوی یەکێک لە گوندەکانیش "شاکەل"ە. دانیشتووانی ئەو دەڤەر و گوندانەی شاکەل، بێجگە لە شێخانی شاکەل، کە بۆ خۆیان موڵکداری شاکەل بوون و هەن، زۆرتر لە خێڵی گلاڵی بوون، کە تیرەیەکە لە هۆزی جاف. بێجگە لە گلاڵی، چەند خێزانێکی دیکەی سەر بە تیرەی ڕۆغزایی و تیرەی شاتری، کە ئەوانیش سەر بە هۆزی جافن، لەگەڵ هەندێک خێزانی تیرەی پشدەر و چەند خێزانێکی عەرەبی سەییدی سومێدعی(الصميدعي) و هۆزی ئەلعوبێد(العبيدي) و ئەلعەززە(العزاوي) و چەند خێزانێکی تورکمانی سەر بە هۆزی بەیات(البيات)، لە شاکەلدا هەبوون و هەن. ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون لەو دەڤەرەدا دەگەڕێتەوە بۆ 150-200 ساڵێک. ئەو بنەماڵەیەی، کە ئێستاکە بە بنەماڵەی شاکەلی"شێخانی شاکەل" ناسراون، وەک بنەچە و ڕەگوڕیشە دەگەڕێنەوە سەر شێخانی بەرزنجە و ئەوان دەسپێکی ئاوادانکردنەوە و نیشتەجێبوون بوون لەو دەڤەرەدا. پاشناوی شاکەلی، ئیدی نزیکەی 150 ساڵێک و پترە لە لایەن ئەو بنەماڵەیەوە بەکار براوە و خەڵکیش

بۆ ئەوانی بەکار بردووە. پاشناوی شاکەلی، تەنێ لە لایەن ئەندامانی خێزانی شێخانی شاکەلەوە بەکار براوە و دەبرێت و هیچ یەکێکی دیکە لە دانیشتووانی ئەو دەڤەرەی شاکەل، هەرچەندە سەدان ساڵیش بێت لەوێ ژیابێت، ئەو پاشناوەی بەکار نەبردووە و نابات، چونکە ئەوان پاشناوی وەک: جاف، گلاڵی، شاتری و...بەکار دەبەن. ئەوانەی پاشناوی شاکەلی بەکار دەبەن، ئێستاکە بنەماڵەیەکن و چەند خێزانێکن و وەک بەرەبابێکیش، هەموو کوڕ و کچ و نەوەی یەک باوک و دایکن و لە یەک پشتن و دەگەڕێنەوە سەر یەک کەس و هەموو مام و ئامۆزا و برا و برازا و کەس و خزمی نێزیکی یەکدین و یەکدی دەناسن و هەرکەسێکیش نەچێتەوە سەر ئەو پشت و بەرەبابە بە شاکەلی ناژمێردرێت.

لە شیعرێکیدا بە نێوی "وەسیەت بۆ کوتەک" قانعی شاعیر نێوی کۆمەڵێک تیرە و هۆزی کوردستان دەبات و لە نێو ئەوانیشدا نێوی شاکەلییان دەبات و دەڵێ:

کەڵوڕ و سوورسوور و گەشکی و شاری کرماشانەکەت

بەختیاری و مەنمی و هەم شاکەلی و شێروانەکەت

ماهیدەشت و باجەلان و سانی هەورامانەکەت

پژدەر و بلْباس و هەرکی و جافەتی و گۆرانەکەت

دەس بە دەس یەکتر گرن بۆ یەکتری وەک پشتیوان

تێبکۆشن بۆ ژیانی کورد و خاکی کوردستان

لە نێو تەواوی بنەماڵەی شاکەلییدا چ لە کوردستان و چ لە هەندەرانیش، تا ئێستا یەک کەس بە نێوی "تاریق" و یەک "د" واتە: دکتۆر و یەک"پسپۆر لە پرسی ئیسلامی سیاسی"یشدا نییە. ئەوەی بەو نێوەوە"د. تاریق شاکەلی"، ئەو گوتارۆکەی نووسیوە، بە هیچ جۆرێک پێوەندی بە شاکەل و شاکەلییانەوە نییە و تەنێ وەک دەمامکێک ئەو نێوەی بەکار بردووە و ویستوویەتی لە پەنایدا و بۆ مەرامێکی تایبەت، نێوی شاکەلییان بەدناو بکات. خەڵکی دیکەش لە سەردەمی دیکەدا، لەو جۆرە کارە نابەجێیەیان کردووە. ئەوەی بوێر بێت و خاوەنی قسەی خۆی بێت، ڕێکوڕەوان بە نێوی خۆیەوە گوتار بڵاو دەکاتەوە و دەنووسێت و ئەگەر هەر زۆریش مەبەستی بوو نەناسرێتەوە، ئەوا نێوێکی دیکە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، نێوێکی بێلایەن، کە هی خەڵکی دیکە نەبێت. هەموو کەسێک، ئەگەر واتای عەیبە نەزانێت و بێئاوڕوو بێت و گوێ بە هەندێک نەریت و ڕێسا و قانوونەکانی جڤاک نەدات، دەتوانێت نێوی خەڵکی دیکە، بۆ هەر مەبەستێک بێت بەکار ببات، بەڵام ئەوە بێجگە لەوەی کارێکی ناڕەوایە، ئەوپەڕی بێڕەوشتیی و نزمیی ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤ پێشان دەدات.

ئەوانەی پاشناوی شاکەلییان هەبووە و هەیە و لە بواری نووسیندا کەم و زۆر هەبوون و هەن ئەمانەن:

1. شێخ عەلی شاکەلی، کۆچیدوایی کردووە.

2. شێخ ئەحمەد شاکەلی، کۆچیدوایی کردووە.

3. ئەحمەد شاکەلی، لە کەلار دەژی و لەم ساڵانەی دواییەدا بە نێوی"ئەحمەد موحەممەد عەبدولقادر" یا "ئەحمەدی شێخ"ەوە دەینووسی.

4. فەرهاد شاکەلی، سەرەتاکانی نووسینی بە نێوی "ئەنوەر شاکەلی"یەوە دەینووسی، لە سوێد دەژی.

5. ئەنوەر شاکەلی، لە 1974دا شەهید بوو.

6. ئامانج شاکەلی، لە بێلژیک دەژی.

7. موحەممەد شاکەلی"شێخ موحەممەد شاکەلی" لە شاکەل دەژی.

8. سەلاح شاکەلی"سەلاح موحەممەد شاکەلی"، لە سلێمانی دەژی.

9. سەلاح شاکەلی، لە شاکەل دەژی.

10. نەسرین شاکەلی، لە سوێد دەژی.

11. پەری شاکەلی، لە سوێد دەژی.

12. سەعید شاکەلی، لە سلێمانی دەژی.

13. ئەمجەد شاکەلی، لە سوێد دەژی.

دکتۆر تاریق شاکەلی، نە دکتۆرە و نە تاریقە و نە شاکەلییە و نە پسپۆریشە لە پرسی ئیسلامی سیاسییدا. ئەوەی ئەو نا دکتۆرە ناتاریقە ناشاکەلییە نا پسپۆرەی ئیسلامی سیاسییە کردوویەتی، کارێکی ساختەکارانەیە و بەگوێرەی هەموو پێوەرێکی مرۆڤانەش و تۆزێک ڕەوشت نەدەبوو بیکردایە و نێوی خەڵک بەکار ببات. لەم ئەورووپایە بۆ ئەوەی کەسێک پاشناوێک هەڵبگرێت و بۆ خۆی نەیبێت، پێش هەر شتێک دەبێ لە ڕۆژنامەدا بڵاوی بکاتەوە، کە دەیەوێ فڵانە پاشناو هەڵگرێت، ئایا هیچ کەسێک ناڕەزایی لەمەڕ ئەوەوە هەیە! پاش ئەوە دەبێ ئەو خەڵکانەی ئەو پاشناوەیان هەیە قایلبوونی خۆیان لە سەر ئەو کارە دەربڕن، ئەودەمی ئەو کەسە دەتوانێت ئەو پاشناوە هەڵگرێت. ئەگەر یەک کەس لە هەڵگرانی ئەو پاشناوە ناڕازی بوو لەوەی ئەو کابرایە ئەو پاشناوە هەڵگرێت، ئەوا ڕێگەی پێ نادرێت و نابێت ئەو پاشناوە هەڵگرێت. وەک نموونە دەتوانین بڵێین: ئەگەر کابرایەکەی بێ پاشناو بیەوێت، پاشناوی "جاف" هەڵگرێت، ئەوا دەبێ لە ڕۆژنامەدا بڵاوی بکاتەوە، کە خوازیاری هەڵگرتنی پاشناوی جافە. ئەگەر هیچ جافێک ناڕەزایی نەبوو لە سەر ئەوەی ئەو کابرایە ئەو پاشناوە هەڵگرێت، ئەودەمی دەتوانێت ببێتە خاوەنی ئەو پاشناوە. نادکتۆر ناتاریق ناشاکەلی ناپسپۆری ئیسلامی سیاسیی، کە تۆپەڵێکە لە ساختە، بە چ قانوون و ڕێسا و نەریتێک ڕێگە بە خۆی دەدات و ماف بە خۆی دەدات، کە وەها ساختەکارییەک بکات! مرۆڤ کە شەرمی نەبوو و چ حیسابێکی بۆ هەستی خەڵکی دیکە نەکرد، هەموو کارێکی پێ ڕەوایە و هەموو بێڕەوشتیی و ساختەکارییەک بە ڕەوا و ماف دەژمێرێت.

2005/10/1